# برینێک لە جەستەی خۆشەویستیدا

قادر عەلیخا
(بۆکان)

«ئەم کولتوورە دەبێ ڕیسوا بکرێ»
**عەتا نەهایی**

هەمـوو سات و وتەکـانی ژیان بۆ مـرۆڤـەکـان مـێـژوون، ئـەمـــڕۆ بۆ بەیانی و بەیانی بۆ ڕۆژەکـــانی داهاتـوو، مانگەکان و ساڵەکانی داهاتوو دێن مێژوو دەخولقێنن، ئەمساڵ بۆ ساڵی داهاتوو مێژووە، لاپەڕەیە بۆ لاپەڕەیەک و دەفـتـەرێک بۆ دەفـتـەری داهاتـوو، ئەوانە هەمـوویان مێژوون، مێژووی شیرین و تاڵ و مزر، مێژووی ڕەش و سوور و سپی و سەوز، بە پێی ئەو پێوانەی لە ئێستا و داهاتـوودا بـۆیان دەکـــــرێ، بە پـێـی ئـەو بـۆچـوون و تـێـــڕوانینانەی مـــرۆڤـــەکـــان لێی دەڕوانن و هەڵی دەسەنگێنن، زۆر ڕووداو هەیە، ئەمڕۆ ڕووداوێکی تاڵ و ڕەش و دڵ هەژێنە، بەڵام مرۆڤەکان لە داهاتوودا دەیکەنە پەیژەی سەرکەوتن، یان پردی پەڕینەوە دەبنە سامـان بۆ ئەوان و لە بەرووبوومی ئەو ڕۆژە دژوارانە دەحـەسێنەوە، ئەو ڕۆژە ڕەشانە بۆیان دەبێتە تاوی پرشنگ هاوێژ، هەم وزەی ڕوان دەدات بەحاسلاتیان و هەم بەر هەنگاویان بۆ ڕوون دەکاتەوە.

ئەمە قۆستنەوەی مێژووە، ئەمە دەگەڕێتەوە سەر چۆن دەرس وەرگـرتن و چۆن کـەڵک لێـوەرگـرتن لەو سـات و کاتانەی ئێستا مێژوون، ڕابوردوون، بە دەیان و سەدان نموونە لەم ڕۆژانە لە مێژووی گەلانی جیهان و دەوروبەر و خۆشماندا هەیە، لە مێژووی پڕ لە کارەساتی ئێمەشدا و بە دەیان و سەدان کارەسات هەن، کە دەبێ بیانکەین بە هەوێن بۆ ژیان و مانی داهاتوومان.

سەرەتا سەری مێژووی ژیانی ئێمە کارەساتە، نوشست و شکان و داڕمانە، وێرانی و ئاوارەیی و کوشتارە، کەمن زۆر کـەمن ئەو ڕۆژانەی تـەمـەنمان کـە بتـوانێ بۆ چەند ساتێک شیلە بزەیەکی لانی کەمـوکورتیش بخاتە سەر لێـومـان، ئەگـەر هەشبێت، بە دڵنیـاییەوە کـارەسـاتێکی تاڵی لەپشــتــە، ئەگــەر ڕۆژێکمـان بۆ ئەو ڕۆژە گـەش و سـەوزانە وەک یادەوەری خـۆش و گـەش هەبێت، دڵنیـام ڕۆژێکیشـمان بۆ یادەوەری لەناوچوون و وێران بوونی ئەو سـاتە خـۆشـە هەیە، یانی لە پاڵ هەر ڕۆژێکی خۆش و سەوزدا، ڕۆژێکی تاڵ و ڕەشیش دەبینرێ، گەلێک بەیت و باو و چیـرۆکی جـۆراوجـۆرمـان هەیە، سـەرەڕای ئەوەی خاوەن بەهرەو سامانگەلێکی مـەزنن، لە بابەت زمـان و چێـژ و ئاهەنگدا، هەر یەکـەو لەوانە بۆ خـۆی دەتوانێ بەسـتـــێنێک بێ بۆ لێـــوردبوونەوە و لەســـەر دوان و توێژینەوە، باسێکی تراژیدی ئاشقانە، یان مێژوویـیمـان بۆ دەگـێـڕنەوە، ئەوانیش هەر یەکـەو لە سـەردەمـان و ڕۆژگارێک دەدوێن، ڕۆژگارێک لە ئەشق و خۆشەویستی و وێرانی و نەهامـەتی، یان سـەرکـەوتن و ئازایی بۆتە



**عەتا نەهایی**

هەوێنیـان و ئافـراندوونی، ئێمـە بۆ چۆنیـەتی خەبات و دڵداری و ژیان و گوزەران، پێویستمان بە ناسینی ڕوح و لەش و زمـانی ئەو بەیتـانە هەیە، دەبێ لە زۆر بـارانەوە لێیان بدوێین و لێیان بنۆڕین و شییـان بکەینەوە، هەتا لەبەر ئاوێنەی ئەواندا، ئێـسـتـا و ڕابوردوومـان وەک هەبووە و هەیە ببینین.

لەم چەند دەیەی ڕابوردوودا کـە گـێـڕانەوە و باس لێکردن، گۆڕان و شێوازەی جۆراوجۆری بە سەردا هات و بەیت و باوەکـان، جـێـگای خـۆیان داوە بە گـێـڕانەوەی مۆدێرن و باو. لەسەر دەستی نووسەران و ڕووناکبیرانی خـامـە بە دەسـتـدا، لە تـوێی کـتـێـبـەکـاندا چاومـان بە خـوێندنەوەو بەسـەرهات و چیـرۆکی قـارەمـانەکـانی نەتەوەکـەمـان ڕوون دەبێـتـەوە، کـە هەم لە بارەی چەندایەتی و هەم لە بابەت چۆنایەتیـیـەوە گـۆڕانی بەسـەردا هاتووە و شێـوازی نوێی بە خۆیەوە بینیـوە، لە چیـرۆک و ڕۆمانی کوردیدا، ئیـتر باسی ئەو قارەمـانانە ناکـرێ کـە لە گـۆڕەپانی کێ بڕکـێی ئەسپ سـواری و تیـروکـەوان هاویـشـتندا خـەرکی بردنەوەی گـرەوی دڵدارەکـەیان بن، ئێـسـتـا قـارەمـانی ئەم بەسـەرهات و چیـرۆکانە، سواری مـاشێن و قیـتار و کـەشتی و فـڕۆکە دەبن و لە زانکۆ و باخچەگـشتیـیـەکاندا شـوێنی ژوان و چاوپێکەوتن دیاری دەکەن.

نووسـەر لە زمـانی ئەوانەوە لە مـێـژوو دەدوێ و بە کولتـوور و خـەبات و زمانی نەتەوەکـەیدا هەڵدەڵێ و هەر لەو زمانەشەوە بەگژ دابونەریتە چەوتەکاندا دەچێتەوە، لە هەڵە و کـەموکـورتی خـەبات و ڕۆژە خۆش و ناخۆشـەکـان دەدوێت.

ڕۆمـــانی «گـــرەوی بەخـــتی هەڵاڵـە» چیــــرۆکی سـەردەمـانێکی دیاریکراو لە مـێـژووی گـەلی کـورد دەگێـڕێتەوە کە لەو دا، بە دەیان نەهامـەتی و بەڵا بەسـەر ئەو خـەڵکەدا هاتن، بەڵای ئاوارەیی و کوشـتـار و تاڵان و بڕۆ کـە لە هەر شـوێن و قـوژبنێکی ئەم خـاکـە بڕوانی لە ئامـێـزیدا، سـەدان ڕووداو و بەسـەرهاتی وای تێدان کە دەتوانن ببنە هەوێنی دەیان ڕۆمـــانی لەو چەشنە، ئەم ڕۆمـانە بۆ خـوێنەر، خـاوەن چەند توێژی تایبـەتە و جـێی سەرنجە.

**توێژی یەکەم: «سەرگەرمی»**

وەک چیـرۆکێـک و حکایەتێکی ئاسـایی باس لە ژیان و خەباتی بنەماڵەیەک و کەسەکانی دەکات، گیـروگرفت و ئاوات و خولیـاکانی ئەوان بۆ ئازادی و ژیان و ئەشق، بۆ بەردەنگ باس دەکات، لەو بەشـەدا خوێنەری ئاسایی پێ ڕازی و سەر گەرم دەکرێ و چێژی تایبەتی لێوەردەگرێت.

**توێژی دووەم: «مێژوویی»**

حەمەڕەشـید ئاغا و مەجیدی کوڕی دوو سیمبۆلن، بۆ دوو بیـرۆکەی جیـاوازی نێو کۆمەڵگای کـوردی، یەکەم ڕاست و نەتەوەیی، دووەم چەپ و نێـــونەتەوەیی، لەم بەشـەی ڕۆمانەکـەدا، عەتا نەهایی بیرە دەروونییـەکـانی خۆی بەسـەر ئەو دوو کـەسـەدا دەسـەپێنێ و لایەنگری لە بیری مەجید دەکات و پێ لەسەر ملی حەمەڕەشید ئاغا دادەنێ و دەیکاتە مرۆڤە خراپەکەی نێو ڕووداوەکـان و دەیکاتە دژی مـەجـیـد و هەڵاڵە و برایمۆک و زۆر کـاری ناحەزی پێ دەخـولقێنێ، شایەد نووسـەر لێرەدا لەبیـری چووبێتەوە ئەو بیرەی حەمەڕەشیدئاغا وەشوێنی کەوتووە، ڕێگایەکـە کـە توانیـویەتی شـوناسی نەتەوەیی بۆ کـورد بپارێزێت.

**توێژی سێیەم: «ڕەخنەیی»**

بە بڕوای من تێـمی سـەرەکـیـە و ناوەند و ڕوحی ڕۆمـانەکـەیە و تەواوی کـەسـەکـانی نێـو ڕۆمـانەکـە و ڕووداوەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان تێکەڵاوی ئەو بە شە

دەکرێن و کەسانێک وەک قوربانی و کەسانێکیش وەک دەسەڵاتدار و زاڵم، دێنە نێو ڕووداوەکان و بە هۆی ئەوانەوە بە گژ ئەو گرێ نەریتە کولتووریانەدا دەچێتەوە کە بوونەتە بەربەست لە پێناو خۆشی و بەختەوەری مرۆڤەکان و دیاری دەستی بۆ مرۆڤەکان تەنیا و تەنیا نامرادی و جەور و ئازارە.

ڕۆمانووس بەم سێ تێمەوە، ڕووبەڕووی خوێنەر دەبێتەوە و لە گەڵیان دەدوێت، هەر تویژێک لەو لایەنانەی نێو ڕۆمانەکە بخرێتە بەر باس و لێوردبوونەوە، هەڵدەگرێ قسەیان لەسەر بکرێ و خوێنەریش لە هەر پلەیەکی زانستی و کۆمەڵایەتیدا بێ، دەتوانێ بەشی خۆی لێ هەڵکرێنێ و چێژی لێ وەرگرێت، من لێرەدا زیاتر سەرنجم داوەتە توێژی سێیەم و زوومی قەڵەمەکەم لەسەر ڕاگرتووە، لە بەر ئەوەی پێم وایە گرنگترین بەش لە ڕوحی ڕۆمانەکە پێکدێنێت.

ئەو کەشوهەوا و پانتاییەی کە سەرەتای ڕۆمانەکەی تێدا دەگوورێ، بۆ کۆتاییەکانی دەیەی پەنجا دەگەڕێتەوە، لەو سەروبەندەدا ولات سەرتاسەر پڕبوو لە خەونی بریقەدار و هیوای ڕەنگاوڕەنگ، ئەو فەزایەی ڕۆمانەکەی تێدا خولقاوە، کەشوهەوایەکەی بۆ خوێنەری کورد بە تەواوی ئاشنایە، لەگەڵ خوێن و ڕوحیدا دەگونجێ و هەموو ڕووداوەکانی هەست پێ کردووە، ئەم ڕۆمانە بە گژ سەردەمێکدا دێتەوە و باس لە ڕووداوگەلێک دەکات کە بۆ ئێمە مێژوویەک و سەردەمێکی تاڵن، حەمەڕەشید ئاغا، هەڵاڵە، مەجیدی، شێرزاد و دکتۆر سەعید، ئەمانە هەر یەکەو خاوەن و نوێنەری دەنگێکن لە توێی ڕۆمانەکەدا، دەتوانین بڵێین تۆزێک، نەک زۆریش فرەدەنگی لە نێو ڕۆمانەکەدا هەیە، ئەوانە هەموویان بە شێوەیەک لە شێوەکان، قوربانی کولتوورێکن کە هەتا سەر ئێسک باوک سالارانە و مەزنخوازانە و دۆگمە، زۆریش دۆگم.

هەموو ئەو قوربانیانە زۆر توند بە دارێک بە ناوی دابونەریتەوە، زنجیر و شەتەک دراون کە تەنانەت هەڵاڵە و شێرزاد و دکتۆر سەعید لە هەزار کیلۆمەتر دوور لەو هەرێم و ولاتەش، ناتوانن لێی لادەن و تەختەتی لێ بکەن! ئەو دابونەریتەی دەبێتە خەنجەرێکی مشتۆ کارەبایی و شارەو شار، ولاتە و ولات بە شوێنی هەڵاڵە دەکەوێ و لە سنگی دەچەقێ.

«ئەوە چارەنووسی تۆیە هەڵاڵە کە خەنجەرێک شاخەوشاخ، شارەو شار و ولاتەو ولات شوێنت بکەوێ، تا لێرە، لە ستۆکهۆڵم، لە گەڕەکی فلەمینسبێرگ، نهۆمی چوارەمی باڵەخانەی ژمارە هەژدە لە سنگت بچەقێ، خەنجەرێکی مشتوو کارەبا کە سەری مشتووەکەی سەرە داڵێکی ئاسنی بێ، بە دەندووک و زاری کراوە و چاوەکانیشی دوو چاڵی ڕەش بن، کێ دەزانێ ئەو خەنجەرە لە کێلانی ئێستا ونبوویدا قەفی پشتێنی چەند نەوە لە پیاوانی ولاتی بەردی پشکنیوە؟ سنگی چەند نەوە لە ژنانی ولاتی بارانی هەڵدڕیوە؟ ئەو خەنجەرە ئێستاش دەمەکەی خوێنی لێ دەتکێ هەڵاڵە.»

ئەمە سەرەتاو دەسپێکی چوونە ناو ڕۆمانەکەیە، ئاوێتە بوون لەگەڵ وشە و ڕستە و بەشەکانیدا، ڕۆمانێک کە بە زمانێکی سادە و شیرین باس لە ڕووداوێکی ئاڵۆز و تاڵ دەکات، ژیانی هەندێک مرۆڤی خەیاڵی دەکاتە بەهانە و پێی بە گژ دنیایەکی ڕاستی و پڕ لە چەوتی و هەڵە و ئازار و ژاندا دێتەوە، هەر هەڵاڵە نا، هەموو ئەو کەسانەی لەو ڕۆمانەدا وەک قارەمان بەرجەستە کراون، هەموویان قوربانین، ئەمانە چ چەوسێنەر و چ چەوساوە، هەموویان دیلی شتێکی گەورەترن لەو دنیایەی تێیدا دەژین، لەو ژیانەی بە نسیبیان بووە، هەر لەسەر ژیان و بەختی هەڵاڵە گرەو نەکراوە، ئەوە ژیانی حەمە ڕەشید ئاغا و شێرزاد و برایمۆکیشە، وێکڕا وەک یەک گرەویان لەسەر کراوە، مرۆڤەکان لەو کولتوورانەدا موتو مووری یارین و بە دەست یاریکەرێکی گەورەتر و بەسامترەوە یارییان پێ دەکرێت، ژیان لێرە لە ولاتی هەڵاڵە و حەمە ڕەشید ئاغا و شێرزاد و برایمۆک دا، گوزەرانە لەنێو سەدان بازنە و هەزاران کۆت و زنجیردا، هەموویان، تەنانەت ئازاد و سەربەستترین مرۆڤەکانیش، هەموو ئاوارە و دەربەدەرن، چ ئەو کەسانەی لە ترسان ماڵ و ژیان و شادییەکانی خۆیان جێ هێشتووە، چ ئەو کەسانەی سەبەبن بۆ دەربەدەری کەسانێکی تر.

ئاوارەیی و دیلی و ئازار، بەشێکی جیانەکراوەیە لە ژیانی ئێرە و خۆلێبواردنیشیان دەبێتە ئاوارەیی و دیلی و ئازار، پشت کردن و ڕاکردن لە نێو ئەو بازنانەدا و دەرباز بوون لەو کۆت و زنجیرانە، ژیانێکی ڕیسوایی بە دواوەیە.

ئیتر وەک هەڵاڵە دەتکەنە بەردی نیشانە و سەدان و هەزاران گوللەی توانج و تەشەر و تیلاوکت تێدەگرن، کەم نین ئەو کەسانەی هەڵاڵە ئاسا چوونەتە شەڕی ئەو کۆت و زنجیرانە و خەڵتانی خوێن کراون، بەڵام هێندە ئەستوورن کۆتەی ئەو یاسا چەق بەستووانە، بەم دڵۆپە خوێنانە، ئەگەرچی زۆریش بن، هەڵناتەکێن و لاناچن.

«گرەوی بەختی هەڵاڵە» ڕۆمانێکە بە زمانێکی دوور



**شێرزاد حەسەن**

لە ڕەمــز و ڕاز و گــرێوگــۆڵەوە، ڕوون و ئاشکرا، بە تەکنیک و فۆرمێکی دەوڵەمەندەوە، باس لە ژیانی چەند کەسێک دەکات کە بوونەتە قوربانی، ئەوان دەکاتە بەهانە و بە زمـــانێکی ڕەخنە گـــرانەوە، بە گـــژ دابونەریتێکدا دێتەوە کە هەر مرۆڤی بێ دەسەڵات و دیل و دۆگم، بار دێنێ و ویستە دەروونییەکانی تاک، تێیدا هیچ دەسەڵات و مانایەکی نییە، نەریت بڕیار دەدا و ئەو کەسانەی لەو بازنەیە بچنە دەرێ، چڵکاوی لەکە داری داوێنیـــــان دەگــرێ و بە هیچ ئاوێک پاک نابنەوە، ویستەکان، هیواکان و داخوازییەکان و ئیشتیاکانیش لە مـــەحـــەکی دابونەریت دەردێن و هەر ئەوە بڕیار دەدا کامەیان ڕەوایە و کامەشیان ناڕەوان، لە ژێر بەرداشی ئەم دابونەریتـــــەدا ئەوەندەی هەلاڵە دیلە و برایمۆک دەچەوسێتەوە، ئەوەندەش حەمەڕەشید ئاغا پێیەوە دەناڵێنێت.

«تۆ چۆن ڕێگە بە خـۆت دەدەی گـاڵتـە بە شـەرەفی باوکت بکەی؟ ئەو هەتیـوانەی برات چۆن لێت قـەبوڵ دەکەن؟»

«هەلاڵە ئەگـەر ئەو هەواڵە بگاتەوە ئێـرە و خـەڵک بیبیستنەوە کە تۆ بۆ پیرەمێردێکی عەجەم، حاشات لە مێردەکەت کردووە، باوکت دەبێ ڕووی خۆی ڕەش بکات و ئەم وڵاتە بەجێ بێڵێت.»

«گرەوی بەختی هەلاڵە» ژیانە، ژیانی کۆمەڵگایەک کە ڕۆماننووس زۆر ئازایانە بەگژ چەوتییەکانیدا دەچێتەوە، هەوڵ دەدات ناحەزی و دزێوییەکانی بەڕوونی دەربخات و بەرجەستـەیان بکات، نەشتـەرگـەرییـان دەکـات بۆ چاکسازی و سەر لە نوێ بنیاد نانەوەیان لەسەر ژیانەوە و خستنەڕووی ویستی تاک، هیوای تاک و ڕێزگرتن لە دەنگی تاک، ئەو ویستەی لە لایەن سەدان زنجیرەوە بە نێوگـەلی جۆراوجۆر دەست بە دەمـیدا گـیراوە و ئەو هیوایەی بزر کراوە، ئەو تاکەی ڕێز لە دەنگی ناگرێت.

ئەم ڕۆمانە دەقێکی ڕیالیستی ڕەخنەگرانەی مێژووییە، باس لە ئازار و دەربەدەری و نەهامـــەتی دەورانێکی دیاریکراو دەکات، چیرۆکی ئەو ڕۆژە تاڵانەمـان لە توێی خۆیدا بۆ دەگێڕێتەوە، عەتا نەهایی زیاتر سەرنجی داوەتە لایەنە ڕەخنەییـەکـەی، ئەویش ڕەخنە لە دابونەریتی چەوت، ناحـەزییـەکـانی دەردەخا و لە بیری دەرمـان و خاوێن و جوان کردنیدایە، ئەم کۆت و زنجیرانەی کە زۆربەیان لەگـەڵ ویست و خـواستـی مـرۆڤ ناتەبان، گەلێکیشیـان لە لایەن کەسانێکەوە کە خۆیان هەر لە بنەڕەتدا باوەڕیان پێیان نییە، بەسەر ئێمەدا کراون بە ماڵ و هیچ پێوەندییەکیشیان بە خوێن و ڕیشەی ئێمەوە نییـە. کـارەکتـەرەکانی ئەم ڕۆمـانە لە توێی ئەشق و خـەباتدا، بە چاوێک لە ئەشق دەڕوانن و بە چاوێک لە خەباتەکەیان، بە دەستێک خەبات بۆ ڕزگاری دەکەن و بە دەستێک پارێزگاری لە ئەشق و دڵدارەکەیان.

بە بڕوای من یەکەم قـوربانی نێـو ئەم ڕۆمـانە، حـەمـە ڕەشید ئاغایە کە برایمۆک و هەلاڵە و شێرزاد بە جۆرێک بە دەستی ئەو دەبنە قوربانی، حەمە ڕەشیدئاغا ئازا و جوامێر کـە مـیرخـوناوکی نەتەوەیەک بووە و بۆ ئازادی دڵۆپە ئاوە دیل کـراوەکـان، ڕێگای چیـا و ئەسـتـەم و هەڵەمووتەکان دەگرێتە بەر، لە چیاوە بانگی ئازادی و ڕووناکی دەدا و لەو پێناوەدا، دەبێـتـە قـوربانی هۆز و خەڵکەکەی، لێدان و ئازار و دووری و دژواری زیندان، چۆکی پێدانادەن و دوای لە ناوچوونی دێوی یەکەم، بە گژ دێوی دووەمیشدا دەچێتـەوەو ئەم جاریش ئاوارەیی بە نسیب دەبێ، بەڵام لە پێناو خەڵکەکەیدا شانی وەبەر دەدا و لێی ناپڕنگێتەوە.

«زۆر کـەس چووبوون و نەگەڕابوونەوە، لەوان حـەمـە ڕەشـــــــید ئاغـــــای باوکی هەلاڵە، ئەویش چووبوو نەگەڕابووەوە، ئەو نەکوژرابوو، بە دیل گیرابوو، لە سیا چاڵی دێوەکانی دەورەی خۆیدا ئەسیرکرابوو، دەمێک بوو ئەسیر بوو، دوو مانگ- سێ مانگ بەر لەوەی هەلاڵە لە دایک ببێت، نیوە شـەوێک چەند پیـاو، چەند پیـاوی

چەکداری گرژ و مۆن، توورە و تووسن، لە نەوەی دێوەکانی حەقایەت، رژابوونە نێو ماڵەکەیان و حەمەڕەشید ئاغایان لە نێو جێدا، بە جلوبەرگی خەوەوە هێنابووە دەر، ئەو هەتا ویستبووی شتێک بڵێت، یان بپرسێت، لێیان دابوو، بۆ ئەوەی بیتۆقێنن، لەبەر چاوی ژن و منداڵ و دایکە پیرەکەیدا کوتابوویان، ژن و منداڵ و دایکە پیرەکەی تۆقابوون، گریابوون، پاڕابوونەوە.»

«پیاوەکان حەمەڕەشید ئاغایان بە کەلەپچە کراوی لە ماڵ و حەوشە و حەسارەکە بردبووە دەر، لە بەر دەرکەرەویان کردبووە ژن و دایکەکەی و گوتبوویان: «ئەگەر عاقڵ بێت و هەر چیمان لێی ویست بە قسەمان بکات، هەر ئێمشەو، یان سبحەینێ بەری دەدەین و دەینێرینەوە.» ، بەڵام پێ دەچێت حەمەڕەشید ئاغا عاقڵ نەبووبێت، بۆیە بەریان نەدابوو، نەیاننارد بۆوە، گوتبوویان: «پازدە ساڵ زیندانی بۆ دەرچووە.»

حەمەڕەشید ئاغا میرغەزەبی ویست و ئاواتی برایمۆک و هەڵاڵەیەو قوربانی دەستی دەسەڵاتێکی دۆگم و دڕندە و داگیرکەر، یازدە ساڵ زیندان و تەمەنێک بە چیادا هەڵچوون و وەشوێن ئاوی ژیان کەوتن، ڕوح و دڵ و دەروونی حەمەڕەشید ئاغایان کردۆتە بەرد و بەزەیی و نەرمی و بنانی تێدا ناگونجێ، ئەوە ژیانێکی زبر و ڕۆژگارێکی تیژ و چاڵووکی بردۆتە سەر، چۆن دەتوانێ نەرمونیان و هاوریشمی بێت! چۆن دەتوانێ دۆگم نەبێ و باوەڕی بە بیرە جیاکەی مەجیدی کوڕی هەبێ؟ ئەو لە قاڵبی کولتوورێکی منیەتیدا گەورە بووە و بەو دابونەریتە ڕاهاتووە، ئیتر چۆن دەتوانی ڕێز لە وشە و (تۆ) بگرێ (برایمۆک)یش یەکێکە لە قوربانییەکانی تری نێو ئەم ڕۆمانە، برایمی حەسەنزادە، کە دوایی بە هۆی ئەشقە پاکەکەی لەگەڵ هەڵاڵە دا، دەبێتە برایمۆک، برایمۆکی شاعیر و فلووت ژەن و هەست ناسک و دەنگ خۆش و بێژەری ڕادیۆ و خەباتگێڕ و ئازادیخواز، ئەم مرۆڤە ڕۆشنبیرە کە خۆی لە پێناو ئازادی و سەربەرزی گەلەکەیدا دەخاتە ئازار و چەرمەسەرییەوە، بە هەموو ئەو هونەرانەی تێیدایە، دێتە خزمەت بزاڤەکەوە، تەنیاو تەنیا لە بەر ئەوە دەبێتە قوربانی کە خاوەن پلە و پایەیەکی چیز بێ و کوڕی بنەماڵەیەکی گەورە و بە ناوبانگ نییە، بۆیە دەبێتە قوربانی و مەرگی ئەو تەنانەت لە کوژرانی هەڵاڵەش بە دەستی شێرکۆ تراژیدیترە! ئەو چەند دێڕەی کە باس لە مەرگی ئەو و گریانەکەی هەڵاڵە، فرمێسک هێنەرترین بەشی ڕۆمانەکەن، لێرە دایە گریان ئەوکی خوێنەر دەگرێ و خوێنەریش بە دەم هەنیسکەوە بەڕووی ئەو دابونەریتەدا دەڕشێنەوە.

«هەڵاڵە تۆقا، ئانوسات بیری برایمۆک کەوتەوە و بە پڕتاو لە ماڵ دەرپەڕییە دەر، ئەو هێشتا نەگەیشتبووە بەر دەرکەی مزگەوت کە تەرمەکەیان لەسەر عەرز بوو کە هەڵاڵە خۆی پێگەیاند و لە بەر چاوی حەشامەتێکی زۆر دا لە باوەشی گرت، ئەوسا بێ شەرم و شوورەیی کوڵمی بە دەم و لێوی ساردییەوە نا، خەڵک بە دەوری تەرمەکەو دەوری هەڵاڵەدا کە دەگریا و بە گریانەوە دەمی خستبووە ناو دەمی ساردی تەرمەکە، ئەڵقەیان بەستبوو، بە سەرسوڕمانەوە لەوان و لە یەکتریان دەڕوانی، ڕوانینێکی پڕ لە پرسیار! کەسێک بە دەم گریانەوە وەڵامی پرسیارە نەدرکاوەکانی دایەوە: «دەستگیرانیەتی»

هەڵاڵە نەیبیست، بەڵام بیستی کە یەکێکی تر بە دەنگێکی پیر و نووزەونەوە گوتی: «ئا دوو کەس بچنە بن باڵی ئەو ئافرەتەو لەسەر ئەو تەرمە بەرزی بکەنەوە، با دەسگیرانیش بن بەڵام...» کەس گوێی بە قسەکەی نەدا و کەس دڵی نەهات ئەو جووتە دڵدارە لە باوەشی یەکتر بکات، ئەو دڵداری و هاوبەشییە، ئەو دوامالاوایی و لێک دابڕانە، ئەوەندەی خایاند تا سەعادەت دڕی بە خەڵکەکەدا، ئاڵقەی کۆبوونەوەکەیانی پساند و باوەشی بە کچەکەیدا کرد: «بەسە ئیتر کچم بەسە.»

هەڵاڵە لە باوەشی ساردوسڕی برایمۆک خۆی بۆ باوەشی دایکی گوێزایەوە، پاش تێڕامانێکی ورد لە سەرتاپای تەرمەکە، گوتی!: «دایە من گرەوەکەم بردەوە، یان باوکم؟»

ئەمەی لێرەدا دەمرێ برایمۆک نییە، ئەوەی لێرە ناکام دەبێ و کسپە و ئازاری جودایی دڵ و هەناوی هەڵدەقرچێنیت هەر هەڵاڵە نییە، ئەوەی لێرەدا غەدر دەکا و سەبەبکار حەمەڕەشید ئاغا نییە، برایمۆک نموونەیەکە لە سەدان و هەزاران ئەویندارای ڕاستەقینەی ناکام و بە مراد نەگەیشتوو، مێژووی ئێمە لەو بابەتەوە پڕە لە نموونەی زیندوو، سەدان بەیت و باو لەسەر ئەم ڕووداوانە خولقاون، عەزیز و کوبرا، مەم و زین، خەج و سیامەند، برایمۆک و خاتوو ئەستێ، گەلێکی تریش! هەڵاڵەی ئەم سەردەمەش دابونەریت دەیکاتە دەستە خوشک و هاودەردی کوبڕا و خەج و خاتوو ئەستێ و زین، ئەوەی حەمە ڕەشید ئاغا دەکاتە سەبەبکار و لە بەرانبەر ئەم ئەوینە پاکەدا سەر قورسی دەکا، ئەو شێوەیە لە ڕاهاتن و ڕاهێنانی مرۆڤ لە چوار چێوەیەکی بەر تەسک و داخراودا کە هەر هەنگاوێکی دەیان هێڵی سووری تێدایە

و ئەو کەسانەی کە هیوای دەرباز بوون و چوونە دەرەوەن لەو بازنەو هێڵە سوورانە، تووشی بەربەست و لەمپەری وا چیڕ و ئەستوور دەبن، زۆر جار دادەمێنن و دەستەوەستان لە ئاستیاندا سەری تەسلیم بوون دادەنوێنن، ئەگەر کەسێکیش بیەوێ بە هەموو تواناییەوە بەگژ ئەم شوورە و لەمپەرانەدا بێتەوە، ئەوە یان لە کار دەکەوێ و بڕستی لێدەبڕێ، یان دەیان مۆری ڕیسوایی بە نێو چاوانەوە دەلکێن.

هەلاڵەش کاتێک دەچێتە ئەوروپا و لەوێ بە هۆی ئاوێتەبوونی لەگەڵ کولتووری ئەوێ و بە هۆی ئەو ڕۆشنبیرییەی لەوێ وەدەستی دێنێ، هەوڵ دەدا خۆی لەو بازنە ئەستوورانە دەرباوێ و ببێتە مرۆڤێکی سەربەست، هێڵە سوورەکان ژێر پێ دەنێ و بەهەوڵ و تێکۆشانی خۆی دەیەوێ، یان لە تۆخی ڕەنگی ئەو هێڵانە کەم بکاتەوە، یان ئەوەی بە تەواوی بیانبڕێتەوە و لە بەینیان بەرێت.

ئەمە ئەو شوێنە و ئەو بیرە ڕەهایەیە کە هەلاڵە دەکاتە تاکێکی ڕەها و ئازاد و پشت دەکاتە ئەو بەها و نەریتانەی زیاتر لە کۆت و زنجیرێک کە لە دڵ و چاو و زمانی مرۆڤ دەهاڵێن، هیچیتر نین.

هەلاڵە ژیانی ئەوێ بە کیلۆ و تەرازووی ئێرە ناکێشێ و لەوێ وەک ئەوێ دەژی و ژیان لە چاوی ئەوێوە چاو لێ دەکا کە سەرەنجام دەبێتە قوربانی ویستەکانی تاک و دەروونی خۆی لە مەحەک و تەرازووی ئێرە نادا کە هەموو شتێک پێوانەکەی ویستی کۆمەڵە، لێرە کە تاک مانای نییە، تاک تەنیا ئەو کاتە مانا دەستێنێ کە دەسەڵاتدار بڕیاردەرە، ئەو کاتەش دەنگی کۆمەڵ بێ بایەخ و پووچ و بێ مانا دەبێ، ئیتر ئەو تاکەی دەچێتە لووتکەی دەسەڵات، کۆمەڵیش ملکەچ و گوێڕایەڵی دەبن و ئەو کۆمەڵەی لە هێڵی ئەوان لابدات دەبێتە سنوور بەزێن و گێرەشیوێن و یاسا و ڕێسای دەسەڵات، دەبێتە پێوانە و خاوەن قسە و خاوەن بڕیار، هەلاڵە لە سەدان کیلۆمەتر دوورتر لێرە دەژی، باوکی ئیزن بە خۆی دەدا بە دیاری مێردی بۆ بنێرێ و لە جێگای ئەو بڕیار بدات.

ئاخر ئەو باوکی و وەلی نیعمەتیەتی، ئەوە کۆمەڵە ئەو مافەی بە بابی داوە بڕیار بۆ کەسێکی تر دوور لەو لە شوێنێکی تر بدات، هەر چەند ئەو کەسە ئاقڵ و کامڵیش بێ و ئەویش دەبێ وەری گرێ و پێ مل بێ، دوور لە ویستی دەروونی خۆی.

هەر ئەو هەژموونی مەزنخوازی و دەسەڵاتدارێتییەیە کە شێرزادیش دەکاتە قوربانی و بەیدەستی دەکا و مرۆڤی پێدەکوژێ، ئەو ئارەزوو هەر بە هی خۆی دەزانێ و لەو یاسایە دەڕی کە کچ دەدات بە دایکی، ئاخر شێرزاد هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی تەمەنییەوە، لەو کاتەوە گوێچکەی وشە و پیت و دەنگی ناسیوە، پێیان گوتووە: «ئافرەت بێ دەسەڵاتە، زەعیفەیە، ئەقڵی لە کۆشیدایە»! ئیتر لە بیری چووەتەوە لەسەر کۆشی ئافرەتێک بووە بەو پیاوە!

ئەوەی لای ئەو شیاوی خاوەنداریەتی و دەسەڵات و گەورەیی بووە، هەر پیاو بووە و بەس، سمێڵە نەتاشراوەکەی دەلالەتە بۆ ئەو بۆچوونەی شێرزاد، کە لەوێش هەر ڕێزی لێدەگرێ و لەگەڵیەتی، شێرزاد قوربانییە لە نێو بەرداشی دوو کولتووری لێک جیاوازدا، هەر لەو کاتەشدا، قاتڵە، مرۆڤکوژە، دەست بە خوێنە، لە نێوان تەنگژەی دوو دابونەریتی لێک جودا دا، ئەو لەوێ نە مرۆڤ کوژییەکەی بە دەستی خۆیەتی و نە قوربانی بوونەکەی، بەڵام لێرە بە مەیلی خۆی هاتبووە نێو مەیدانی خەبات لە پێناو ئازادی خۆی و نەتەوەکەیدا دەیکوشت و ئامادەش بوو ببێتە قوربانی، کەسیش بە زۆری نەهێنابوو، ئەمە بڕیارێکی سەر بە خۆ بوو.

«بەڵام ئەو ڕووداوەی بووە هۆی مەرگی هەلاڵە، بڕیارێکی ون و نادیارە، کێ ئەم کارەی بەسەر شێرزاد دا سەپاند ئەو هێزەی لە قووڵایی دەروونییەوە پاڵی پێوە نا و هەلاڵەی پێ بە کوشت دا چی بوو؟ کێ بوو هاوڕێیی کرد و هانی دا؟ ئەو ئاگرەی دەروونی کێ گەشاندییەوە؟ بەر لەوەی دەستی بیگاتێ، هەستی کرد شتێکی قورس بە سنگیدا کوترا، بەر لەوەی ڕاست بێتەوە سەیری سنگی کرد، بە دەم ڕاست بوونەوەی لەشیەوە چاوی لە شێرزاد بڕی، شێرزاد تا ئەو کاتەش نەیدەزانی قەرارە چی ڕوودبدات، نەیزانیبوو و مشتووی خەنجەرەکە هێشتا لە مشتیدا بوو، دەستی بەرز کردەوە و لە دەمی خوێناوی خەنجەرەکەی وردبووەوە، خوێنی گەرم بە بەر مست و قۆڵیدا دەڕژا، بەبینینی شۆڕاوگەی خوێنەکە تۆقا! نیگای تۆقا و هەراسانی لە دەست و خەنجەری ناومستییەوە بەرەو هەلاڵە گوێزایەوە.»

هەلاڵە لەم قوربانگایەدا پاکترین شەهیدە، شەهیدی ڕێگای ئەشق و ئازادی! جارێک بە دەستی حەمەڕەشید ئاغای بابی و جارێکیش بە دەستی شێرزادی هاوسەری، دووجار دڵی وەبەر تیغی تیژی ئازار دەدرێت، کەرەتێک بەهۆی مەرگی برایمۆک و جارێکیش بە دەستی شێرزادی هاوسەری، ئەم گێڕانەوەیە بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە کارەکەی شێرزاد دوور لە ویستی خۆی بووە و بڕیاردەرو

تاوانبار شێرزاد بە تەنیا نییە، تەنیا یاریدەدەرێکی بکوژەو لەو تاوانەدا شێرزاد دەبێتە کەسی دووەم.
ئەوی نووسەر لەم ڕووداوانەدا وەک تاوانبار زۆر لە سەری سوورە و قامک لە چاوی ڕۆدەکا، حەمەڕەشید ئاغایە، هەموو ئاورەکان هەر لە گۆڕی ئەو هەڵدەستن و ئەو نوێنەری بیری چەوت و دڵی ڕەق و دابی ناحەزە! هەموو ئازارەکان لە چاوی ئەوەوە دەبینێ، مەرگی دڵتەزێنی برایمۆک، شووکردنی بەزۆری هەلالە و لە ئاکامدا مەرگی ئەو و بەتاوانبارکردنی شێرزاد، حەمەڕەشید ئاغا کە لە سەرەتاوە قارەمان و خەباتگێڕ و ئازادیخوازە و مێرخوناوکی گەلەکەیەتی، ئەوێک کە خۆی لە زاری هەریها ڕۆ دەکات هەتا ئاو و ئاوەدانی بۆ خەڵکی شار و وڵاتەکەی بێنێ، دیار نییە بۆچی ئاوا سەر دەکاتە دڕندەیی و خوێنڕێژی و زوڵمکردن! ئەوە تاوانی ئاغا بوونەکەی! یان ئەندام بوون لە حزبێکی کە ناسیۆنالیستە و داوای مافی نەتەوەکەی دەکات؟ تۆ بڵێی ئەمە بۆچوون و شێوەی بیرکردنەوەی نووسەر نەبێ کە بەسەر ئەویدا دەسەپێنێ؟ ئەوە گرینگترین گرێی نێو ڕۆمانەکەیە کە نووسەر هەر بە نەکراوەیی دەیهێڵێتەوە!؟
ئەم ڕۆمانە، ڕۆمانێکی ڕیالیستی ڕەخنەگرانەیە، بە زمانێکی ڕەوان و شیرین ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە و دیمەن و شوێن و فەزاکان زۆر باش بۆ خوێنەر دەکاتە وێنە و لەگەڵ چیرۆکەکە و ڕووداوەکان تێکەڵیان دەکات، کۆچ و ئاوارەیی و کوێرەڕێیی و ئۆردوگانشینی و خەبات و خوێن، لەگەڵ شەقام و باڵەخانە و لێوار دەریا و جوانییەکانی سوێد، تێکەڵ بە زەین و مێشکی خوێنەر دەکات و جاری وا هەیە، هەست دەکەی بۆ خۆت بەو شوێن و فەزایانەدا تێپەڕیوی، لەزەتی گێڕانەوەی تێدایە و قەڵەمەکەی ڕۆماننووس، وەک حکایەتخوانێکی ڕاوێژشیرین و بە ئەزموون، خوێنەر، یان بیسەرەکەی لەو لەزەتەدا نوقم دەکا.
ئەم ڕۆمانەش وەک ژیان و ئەو سەردەمەی باسی لێ دەکرێت، پڕە لە ڕووداوی جۆراوجۆر و چەشناوچەشن، شایی، خۆشی، شین و شەپۆر، بەمراد گەیشتن و بێ مرادی، هەموویان بوونیان هەیەو ئەشقە ناکامەکەی هەلالە و برایمۆک، بێ دەسەڵاتی ڕەعنا، تەنانەت دوای سێ کەڕەت شووکردن.
هەلالە کە هەموو گرەوەکانی ئەو ڕووداوانە لە سەربەختی ئەون، چەند جار دەبێتە قوربانی، ئەو نوێنەر و پێناسەی کچەکانی ئەو سەردەمەیە، جارێک ئەشقەکەی لە پێناو برایمۆک دا، ئەشقەی مێیایەتی و ژن بوون دەگێڕێتەوە بۆ نێو لەشی هەلالە و خۆی پێدەناسێنێتەوە، خۆی وەک ئافرەتێک ئەو دابونەریتەی کە پێی وابوو کچێک دەتوانێ نەترس بێ کە وەک کوڕ وابێ، یان کوڕ بێ، «هەلالە نەگریا، باوکی گوتبووی کوڕی ئازا ناگری.» ئەمە بۆچوونەکانی حەمەڕەشید ئاغا بوو، ئیتر نەیگوتبوو کچی ئازا ناگری! کچی ئازا دەتوانێ خەبات بکا و هەوڵ بدا! نووسەر لێرەدا بە گژ ئەو بۆچوونەدا دێتەوە بە قەڵەمێکی ڕەخنەگرانە و دەروەستەوە باس لەو کێشەیە دەکات کە لە کولتووری وڵاتی خۆیدا، کە بۆچی کچ هەتا نەبێ بە کوڕ، ناتوانێ دەورگێڕ بێ و ئەو کاتێک دەتوانێ شوێندانەر بێ کە کوڕ بێ، یان کوڕانە بیر بکاتەوە، کوڕانە بپۆشێت!
ئەم ڕۆمانە هاواری لە گەرووی خنکاوی ئەو مرۆڤانەیە کە هەوڵیانە بۆ ئەوەی وەک خۆیان دەیانەوێ بژین و چێژ لە جوانییەکانی ژیان وەربگرن، هاواری نەتەوەیەکی خنکاو و ڕەگەزێکی دیل و مرۆڤگەلێکی بە کۆیلەکراوە، لەم ڕۆمانەدا تاکەکان، لە قەفەزی دیلیدا دەنگ و دەست هەڵدەبڕن و بە گژ قوفڵ و قەڕازە و تەڵە و تەڵەکەکاندا دەچن و بانگەوازی ڕەهایی و فڕین بە ئاواتی دڵ دەکەن، عەتا نەهایی دەنگی دەخاتە پاڵ دەنگی مرۆڤە چەوساوەکان و ڕێگای ژیانی بە ئاسوودەییان پێ نیشان دەدات و ئیمان بە ڕێبازی ئازادی و ئەوین دێنێ و وەک پزیشکێک تیماری ئەو برینانە دەکات کە بە خەنجەری نەزانی و دۆگماتیزم، لە جەستەی خۆشەویستی و ئازادی دەدرێن، بە هەناسەی پڕ لە خۆشەویستی دەروونی، سکڵی ژیان دەگەشێنێتەوە و باڵ بە ڕوحی ئازادی و ژیان و خۆشەویستی و جوانی دەبەخشێت، ژیانێک کە لەودا تاکەکان دەنگ و ڕەنگی خۆیان هەیە و بیرە جیاوازەکان بایەخیان بۆ دادەنرێ و گوێیان لێ دەگیرێت، ئەم ڕۆمانە خەنجەرێکە و هەوڵ دەدات دزێوییەکان هەڵپاچێ و پەنجەرەیەکە دەیەوێ، تیشک بخاتە سەر جوانییەکانی ژیان.

**سەرچاوە:**
**ڕۆمانی گرەوی بەختی هەلالە، عەتا نەهایی، چاپی یەکەم۲۰۰۷، چاپخانەی ڕەنج.**